بەیاننامە

## بە علمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە
## زامنی کۆتایی پێهێنانی لێدانی قوتابیانە لە قوتابخانەکاندا

لە سایتی پە یامنێردا هەوالێ لێدانی منالێکم بە ناوی "شاکار" خوێندەوە، لە لایەن یەکێک لە مامۆستاکانی لە قوتابخانەی "نموونەیی بالا" لە هەولێر، دایکی شاکار سەرەتا دەیەوێت لەسەر دلتەنگ بوونی شاکار وەدەنگ بێت کە لە هاوپۆلیکی دراوە لە لایەن مامۆستاکەیەوە، کەچی بۆ رۆژی دوایی لە شاکاریش دەدرێت، بۆیە دایکی شاکار دەچێتە قوتابخانەکەو لەم مەسەلەیە ئەکۆلێتەوە. ئەو هەلوێستەی کە دایکی شاکار نواندی لەبەرامبەر لێدانی منالەکەی ، کارێکە کە پێویستە هەموو دایک و باوکێک بیکەن و بپرسنەوە لەو مامۆستاو بەرێوەبەرانەی کە بە لێدان و توندو تیژی دەیانەوێت منالان فێر بکەن. ئەم کارە بۆخۆی بە شێکە لەو فشارەی کە لە لایەن رێخراوەکانی بەرگریکەر لە مافەکانی منالان ، بە هاوکاری خەلکانی مەدەنی و پێشکەوتنخواز پێویستە بەردەوام بخرێتە سەر دەسەلاتدارانی کوردستان بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە چ لە قوتابخانەکان و چ لە کۆمەلگادا. لێدان و توندو تیژی یەکێک لەو دیاردە ناشارستانیانەیە کە لە قوتابخانەکاندا پەیرەوی لێدەکرێت بۆ مل کەچ پێکردنی خوێندکاران و ناچار کردنیان بە گوێگرتن لە مامۆستا. ئەم دیاردەیە تەنها لە کوردستان و عێراق بەرێوە ناچێت ، لە بەشێکی زۆری وولاتانی دونیادا ئەمە دیاردەیەکی باوەو بە پلەو رادەی جیاواز پەیرەوی لێدەکرێت ، لەوانە وولاتە عەرەبیەکان بە گشتی وتایلاند و فلیپین، وە هەموو ئەو وولاتانەی کە ئاین کاریگەری هەیە بەسەریانەوە وە بە تایبەتیش فەرهەنگ وئاینی ئیسلام کە سەرچاوەیەکە بۆ توندو تیژی.

لە سالێ **1995** وە ئێمە شاهیدی چەندین رووداوی لێدانی منالانین لە قوتابخانەکاندا کە کاریگەری دلتەزێن و زۆر خراپیان لێکەوتۆتەوە تا گەیشتۆتە گیان لە دەستدانی چەندین قوتابی لەوانە "هێمن نورەدین " لە سلێمانی و خۆسوتاندنی چەندین خوێنکاری تر لە سالەکانی **2004** و **2005** دا لە هەولێرو سلێمانی ، لەوانە عادل وئەڤین وچەندانی تر.

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ، لە دژی بە کارهێنانی لێدان و توندوتژی و مامەلەی ناشیاو دژ بە منالان دەوەستینەوە، وە خوازیارین کە دایکان و باوکانی مەدەنی و پێشکەوتخواز ، رێکخراوو کۆرو کۆمەلێ ئازادی خوازو بەرگریکەر لە مافەکانی منالان لەسەر ئەم پێشلێکاریانە درهەق بە منالان وە دەنگ بێن و فشار بخەنە سەر دەسەلاتداران ، بە تایبەتیش هەردو وەزارەتی پەروەردەی هەولێرو سلێمانی بۆ ئەوەی ئەم دیاردیەیە کۆتایی پێ بێت.

لە هەمان کاتدا ئەو راستیە دوویات دەکەینەوە، کە کۆتایی پێهێنانی دیاردەی لێدان و توندوتیژی لە قوتابخانەکاندا ، لە گرەوەی پەیرەو کردنی یاسایەکی علمانی و پێشکەوتنخوازدایە لە بەرێوە بردنی وولاتدا ، هەروەها گۆرینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکرن بۆ پرۆسەیەکی علمانی و پێشکەوتنخواز.

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان
sherzad_f@yahoo.com
13-07/2005